

## رۆناڵدۆ و هاوڕێکانی سەیری کلاسیکۆی کوردی دەکەن..

# "ئەگەر ریال کلاسیکۆی نەبردایەتەوە کلاسیکۆیان نەدەبینی"

سەفین تەها
تایبەت بە رووداوی وەرزشی

دوای ئەوەی یانەی ریال مەدرید رەزامەندی نیشاندا لەسەر نمایشکردنی فیلمی کوردی کلاسیکۆ لە یەکێک لە بەناوبانگترین هۆڵەکانی مەدرید، دەرهێنەری فیلمەکە ئێستا خەریکی ئامادەکاری و دۆزینەوەی رۆژێکە بۆ نمایشکردنی ئەو فیلمە کە زۆرینەی ئەستێرەکانی یانەی شاهانە ئامادەی بینینی دەبن. هەڵکەوت موستەفا، دەرهێنەری فیلمی کلاسیکۆ لە لێدوانێکیدا بۆ (رووداوی وەرزشی) ئاماژەی بەوەکرد، ئەگەر یانەی ریال مەدرید لە یاری کلاسیکۆدا سەرکەوتوو نەبووایە، زۆر زەحمەت بوو رەزامەندی لەسەر نمایشکردنی ئەو فیلمە بدرێت، چونکە ئەوان دەیانەوێ بیرەوەری وشەی کلاسیکۆ لە هزری ئیسپانییەکان بۆ زۆرترین ماوە بمێنێتەوە.

بەرپرسانی ریال مەدرید وەڵامی هەڵکەوتیان داوەتەوەو پێیانگوتووە، تێچووی هۆڵ و ئامادەکارییەکان هەمووی دەکەوێتە سەر خۆت، جگە لەوەش رۆژنامەی مارکای ئیسپانی یەکێکە لە سپۆنسەرە سەرەکییەکانی نمایشکردنەکە.

فیلمی کلاسیکۆ لەلایەن هەڵکەوت مستەفاوە کە کوردی دانیشتووی وڵاتی نەرویژە، کاری دەرهێنانی بۆ کراوە، چیرۆکی فیلمەکە باس لە گەشتی دوو کورتە باڵادەکات کە لە کوردستانەوە بۆ ئیسپانیا، دوای چاوەڕوانییەکی یەک ساڵەیی یەکێک لەو کورتەباڵایانە چاوی بە کریستیانۆ رۆناڵدۆ دەکەوێ و کڵاشێکی کوردی بە دیاری پێشکەشدەکات.

یانەی ریال مەدرید رەزامەندی نیشانداوە کە هەموو ئەستێرەکانی ئامادەی نمایشی ئەو فیلمە ببن، بەڵام هێشتا رۆژێک دیارینەکراوە بۆ نمایشکردنەکە، چونکە ئەو فیلمە لە چەند وڵاتێکی دیکەش نمایشدەکرێ و ریالیش کاتی زۆری نییەو لە کۆتایی خولە ئەوروپییەکان نزیک بووەتەوە.

WWW.RUDAW.NET

# رووداو وەرزشی

ژمارە (395) سێشەممە 2016/4/12 23ی نەورۆز 2716 (500) دینار
رۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات

## مەدریدیەکان هەفتەیەکە شۆڕشێکیان لە سۆشیال میدیا بەرپاکردووە..

# COMEBACK

## "لە چامپیۆنسلیگدا ریال مەدرید 11 جار دوای پاشکەوتنی بە 2 گۆڵ یان زیاتر گەڕاوەتەوە"




LOTTO

براوەکانی چلوشەشەمین لۆتۆی (رووداوی وەرزشی)،
1- عومەر ساڵح. 2 ـ رزگار عەلی. 3ـ عەلی محەممەد.
4 ـ حەمید محەممەد. 5 ـ شاکار مەغدید.

8

بابۆ: سەرۆکی یانەکەمان ئۆتۆمبێلەکەی بۆ یانەکە فرۆشتووە 2



# "باشترین یاریزانی بارسا ناوبژیوانە نەک مێسی"

6

رووداو وەرزشی
ژمارە (395) سێشەممە 2016/4/12




**دەیباتەوە**

مەحموود سەردار، یاریزانی تایکواندۆی کورد، رۆژی 2016/4/14 تاکە نوێنەری باشووری کوردستان دەبێت، لە بەشداریکردن لە پاڵەوانیەتی جیهان بۆ یاری تایکواندۆ، کە لە شاری بۆنی ئەڵمانی بە بەشداری 30 هەزار یاریزانی پشتێن رەشی 80 وڵات بەڕێوەدەچێت و 3 رۆژ دەخایەنێت. مەحموود سەردار، کە یاریزانی هەڵبژاردەی عێراقە و خاوەن پشتێنی رەشی دوو دانەیە، لەو بارەوە بە تۆڕی میدیایی رووداوی راگەیاند «خۆشحاڵم کە بەشداری لە پاڵەوانیەتی جیهاندا دەکەم، لە راستیدا زۆر بە باشی خۆم بۆ ئەو پاڵەوانیەتییە ئامادە کردووە، هیوادارم ئاستێکی باش پێشکەش بکەم، دەمەوێ مەدالیایەک ببەمەوە».

## سەمیر بابۆ، راهێنەری یانەی پێشمەرگەی هەولێر:

# سەرۆکی یانەکەمان ئۆتۆمبێلەکەی بۆ یانەکە فرۆشتووە



لە چوارگۆشەی زێڕینی خولی نایابی فاستلینکی کوردستان، ئەو یانەیەی بەپێچەوانەی هەر سێ یانەکەی دیکەی ئەو قۆناخە بەبێ یاریزانی عەرەب و عێراقی بەشداری کردووە، ئێستا سەرووی ریزبەندەکەی گرتووەو نزیکترین یانەیە بۆ بردنەوەی نازناوەکە. یانەی پێشمەرگەی هەولێر، بە پشت بەستن بە یاریزانانی کورد و بە سەرپەرشتی راهێنەرێکی گەنجی کورد، لە 4 یارییدا 8 خاڵی کۆکردووەتەوەو سەرەڕای گوزەرکردنی بە بارودۆخێکی قورسی داراییدا بەجیاوازی 3 خاڵ لەپێش دووەمی ریزبەندەکەیە. (رووداوی وەرزشی) لە هەڤپەیڤینێکدا چەند پرسیارێکی ئاراستەی سەمیر بابۆی راهێنەری ئەو یانەیە کرد:

هەڤپەیڤین: سامان ولاتژێری

**رووداوی وەرزشی: تەنیا 2 گەڕ ماوە خولەکە کۆتایی دێت، ئێوە بە 3 خاڵ لە نزیکترین رکابەرتانەوە دوورن، پێتانوانییە زۆر لە نازناوەکە نزیکبوونەتەوە؟**

**سەمیر بابۆ:** ئێمە نزیکترین یانەین لە نازناوەکە، بەڵام هەموو ئەگەرەکان کراوەن، لە راستیدا ئەنجامی یارییەکانی گەڕی رابردوو هەموو هاوکێشەکانی گۆڕی بەتایبەت یاری دهۆک و هەولێر.

**رووداوی وەرزشی: چی وایکرد لە یاری رابردوودا بەرامبەر زاخۆ بە ترسەوە یاری بکەن و یەکسان بن، لە کاتێکدا لەنێو یاریگەی ئەوان سەرکەوتنتان بەدەستهێنا؟**

**سەمیر بابۆ:** هەر سێ یانەی دهۆک، زاخۆ و هەولێر بە یاریزانی عێراقی بەشدارن، ئەوەش شانازییەکی دیکەی یانەکەیە. سەبارەت بە هۆکاری یەکسانبوونیش ماندووبوونی یارییەکانی رابردوو هۆکار بوو. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییان لەسەر ئاستی یانەکە هەبوو. بەڵام یەکسانبوون لەگەڵ زاخۆ شتێکی ئاساییە.

## «وەزارەتی پێشمەرگە نەک هەر پارەی پێنەداوین، دەستخۆشیشی لێنەکردووین»

**رووداوی وەرزشی: لە ئاستی تیپەکەت رازییت؟ جیاوازی ئەمساڵ و ساڵی رابردوو چییە؟**

**سەمیر بابۆ:** ساڵی رابردوو بەڵێنمان دابوو بۆ ئەمساڵ کارێکی باش بکەین و کردمان، سەرەڕای ئەوەی تاوەکو ئێستا یاریزانەکانمان هیچ پاداشتێکیان وەرنەگرتووە، هیچ پارەیەکمان وەرنەگرتووە، یاریزانمان هەیە پارەی نەبووە بێتە راهێنان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە ئەنجامەکانمانە و شانازی پێوە دەکەین.

**رووداوی وەرزشی: راستە قەیرانی دارایی هەیەو ئێوەش بەهەمانشێوەی یانەکانی دیکە گرێبەستی یاریزانەکانتان نەداوە، ئەگەر نازناوەکە ببەنەوە چی بۆ یاریزانەکانتان دەکەن؟**

**سەمیر بابۆ:** لە راستیدا هیچمان لەدەست نایەت، ئەگەر وەزارەتی پێشمەرگە پارەمان نەداتێ و هیچ بەرپرسێکی وەزارەتی پێشمەرگەرش پاداشتی یانەکە نەکات و دەستخۆشی لە یاریزانەکان نەکات. سەرۆکی یانەکە ئۆتۆمبێلەکەی بۆ یانەکە فرۆشتەوە.

**رووداوی وەرزشی: پێتانوایە ئێوە ئەم وەرزە تیپێکی تۆکمەتان هەبووە، یان خراپی ئاستی یانەکانی دیکە وایکردووە ئێوە بەهێز دەربکەون؟**

**سەمیر بابۆ:** نەخێر، ئەوە بەهێزی و یەکڕیزی یانەکەیە وایکردووە پێشمەرگە بەهێز دەربکەوێت. ئێمە کە بەدەست قەیران گەلێکی داراییەوە دەناڵێنین، ئەو ئاست و ئەنجامانەمان گەورەترین دەستکەوتە.

**رووداوی وەرزشی: دوو یاری زەحمەتتان لەپێشە، دەتوانن چی بکەن بۆ ئەوەی بگەنە نازناوەکە؟**

**سەمیر بابۆ:** یاری بەرامبەر دهۆک یارییەکی یەکلاییکەرەوەیەو هەموو هەوڵێک دەدەین یارییەکە ببەینەوەو نازناوەکە مسۆگەر بکەین. هەموومان چاومان لەسەر نازناوەکەیەو یانەکەمان بۆ هەموو ئەگەرێک ئامادەیە.

**رووداوی وەرزشی: دەنگۆی ئەوە هەیە بەشێکی یاریزانەکان لە یانەکە بڕۆن لە وەرزی داهاتوو، ئەمە تا چەند راستەو ئەگەر راستە کێن ئەوانەی دەڕۆن؟**

**سەمیر بابۆ:** نازانین سبەی چی روودەدات، هەرچەندە زۆر یانە گرێبەستی گەورەیان پێشکەشی یاریزانەکانمان کردووە، بەڵام خۆشەویستی یاریزانان بۆ یانەکە و رەوشتی جوانی دەستەی کارگێڕی یانەکە و کارکردن وەک یەک خێزان و بۆ ناوی پێشمەرگە وایکردووە یاریزانەکان بمێننەوە.

**رووداوی وەرزشی: گەڕانەوەی میران کەریم تا چەند کاریگەری لەسەر یانەکە دروستدەکات؟**

**سەمیر بابۆ:** ئەوە باشترین نموونەی خۆشەویستی یاریزانانە بۆ یانەکە. میران لەبەر بەرژەوەندی یانەکە بەرژەوەندی و خۆی خێزانەکەی پشتگوێ خست و گەڕایەوە نێو یانەکە، ئەو کاتەی لەدەرەوەی وڵاتیش بوو بەردەوام لەگەڵ یانەکە لە پەیوەندیدا بوو، ئێستاش چەندین میرانی دیکە لەنێو یانەکەدا بوونیان هەیە.

## «یاری دهۆک یەکلاکەرەوەیە، دەبێ بیبەینەوەو نازناوەکە مسۆگەر بکەین»

# یانەکان نۆرەیان بۆ بەیار گرتووە



**کارزان کانەبی**
**رووداوی وەرزشی ـ دهۆک**

بەیار ئەبوبەکر، یاریزانی هێڵی بەرگری یانەی دهۆک بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند کە ئەمساڵ دوا ساڵیەتی لەگەڵ یانەی دهۆک و گوتی «هەر لە ئێستاوە چەندین یانە داوای گرێبەستیان لێکردوومە».

ماوەی زیاتر لە 5 وەرزە بەیار ئەبوبەکر لە یانەی بروسکەوە پەیوەندی بە یانەی وەرزشیی دهۆکەوە کردووەو لە هەردوو خولی نایابی یانەکانی کوردستان و عێراق بەرگری لە درێسی یانەکە دەکات، بەڵام لەبەرئەوەی یانەی دهۆک ئێستا تەنیا بەشدارە لە خولی نایابی کوردستان، دوای ئەوەی بەهۆی قەیرانی داراییەوە خولی عێراقی پێ تەواو نەکرا، ژمارەیەک لە یاریزانانی یانەکە ریزی تیپەکەیان جێهێشتووە و چاوەڕێ دەکرێت بە تەواوبوونی خولی کوردستان، چەند یاریزانێکی دیکەش لەو یانەیە بڕۆن، کە یەکێکیان بەیار ئەبوبەکرە، سەرەڕای ئەوەی یەکێکە لە باشترین یاریزانانی یانەکە.

بەیار ئەبوبەکر، لەو بارەوە بە (رووداوی وەرزشی) گوت «من ئەمساڵ دوایین ساڵی یاریکردنم دەبێت لە یانەی دهۆک، ئێستا خەریکی یارییەکانی چوارگۆشەی زێڕینی خولی نایابی کوردستانم لەگەڵ یانەکە، بەهیوای ئەوەین بتوانین ئەنجامی باش بەدەستبێنین، بەڵام سەبارەت بە مانەوە، بڕیارمداوە ئەمساڵ دوایین وەرزمە». لەبارەی چوونیشی بۆ یانەیەکی دیکە، بەیار گوتی «هەر لە ئێستاوە چەندین یانە لە خولی عێراق و کوردستان گرێبەستیان پێشکەش کردووم، بەڵام نامەوێ ئێستا ناوی هیچ یانەیەک ئاشکرا بکەم، چونکە هێشتا زووە، گرنگ ئەوەیە کە یانە زۆرە بۆ ئەوەی گرێبەستیان لەگەڵ بکەم».

وەک بەیار باسیدەکات، ئەو بە دڵێکی خۆش و ویژدانێکی زیندوو ریزەکانی یانەی دهۆک جێدەهێڵێت، چونکە وەک خۆی گوتی «یانەی دهۆک یانەیەکی گەورەیە، ماوەی چەندین ساڵ لە خزمەتی ئەو یانەیەدا بوومە، لە خولی عێراق و کوردستان یاریم بۆی کردووە، هەرچی لە توانامدا بووە پێشکەشم کردووەو هیچ درێغی و کەمتەرخەمییەکم نەکردووە، کە لە راستیدا ئەوانیش بەردەوام هاوکار و یارمەتیدەرم بوونە».

بەیار ئەبوبەکر حەزدەکات یاری بۆ هەڵبژاردەی عێراق بکات و بە قسەی خۆی هەوڵ بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجە دەدات «من هەوڵی خۆم دەدەم لە داهاتوودا بتوانم بگەمە ریزی هەڵبژاردەی نیشتمانیی عێراقی، هەرچەندە چەندجارێک ئەو هەلەم بۆ رەخساوە، بەڵام دیارە هەر جارێک بە هۆکارێکەوە نەبووەتە قسمەت». ئەو لەو بارەوە گوتیشی «لەو بڕوایەدام بتوانم درێسی هەڵبژاردەی عێراق لەبەر بکەم».

## بە شێوازێکی دیکە بەردەوام دەبێت لە خزمەتکردنی وەرزش..

# رێبوار واز لە کاری راهێنەرایەتی دەهێنێت



**کارزان کانەبی**
**رووداوی وەرزشی ـ هەولێر**

رێبوار جەباری، راهێنەری تیپی کچانی گۆڕەپان و مەیدانی یانەی وەرزشیی هەولێر بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند گوتی» دوای زیاتر لە 17 ساڵ لە خزمەتکردن بە یاری گۆڕەپان و مەیدان بڕیاری وازهێنانم دا لە لە کاری ڕاهێنەرایەتی، ئەمجارە بە ئەرکێکی دیکە خزمەت دەکەم».

رێبوار محیەدین جەباری، راهێنەری گۆڕەپان و مەیدانی کچانی یانەی وەرزشیی هەولێر و هەڵبژاردەی نیشتیمانیی عێراق، دوای پێگەیاندنی چەندین کچە یاریزانی بەتوانا بۆ شاری هەولێر و هەڵبژاردەی عێراق، لە بڕیارێکی لە ناکاودا بڕیاری وازهێنانی لە کاری راهێنەرایەتی راگەیاند.

ئەو لەو بارەوە بە (رووداوی وەرزشی) گوت «ماوەیەکی زۆر لە خزمەتی وەرزشیی بوویمە لە شاری هەولێر، ئێستا بڕیارمداوە وەک راهێنەر وازبێنم، سەرجەم کچە یاریزانانی تیپی هەولێریش ریزی یانەکەیان جێهێشتووەو چوونەتە ریزی یانەکانی دیکە».

جەباری، دووپاتیکردەوە کە وازهێنانی ئەو لە ئەرکی راهێنەرایەتی بە مانای وازهێنان لە وەرزش ناهێت و گوتی «دوای 17 ساڵ لە کاری راهێنەرایەتی ئێستا هیچ پەیوەندیم بە راهێنەرایەتی نەماوە، بەڵام لە ئایندەیەکی نزیکدا بە ئەرکێکی تازەی وەرزشییەوە بەدیار دەکەومەوە، قۆناخی راهێنەرایتم تەواوکرد لە هەریەک لە یانەکانی ئاڵا، قەڵا و هەولێر، ئێستا کاتی ئەوەیە کاری دیکە ئەنجام بدەم».

لە بارەی یانەی هەولێر و هەڵبژاردەی عێراقیش، رێبوار گوتی «من تەنیا وەک ئەندامێکی ساددەی یانەی هەولێر بەردەوامم، ئەگەرنا هیچ پۆستێکی وەرزشیم لەم یانەیەو هەڵبژاردەی عێراقیش نەماوە». هەروەها گوتیشی «من لە وەرزشکردن دانەبڕاوم، لە ئایندەیەکی زۆر نزیک بە پۆستێکی دیکەی وەرزشی خزمەت بە وەرزش دەکەم، دەمێکە کار بۆ ئەو پۆستە وەرزشییە دەکەم بۆ ئەوەی بتوانم خزمەتی وەرزشکارانی شارەکانی کوردستان و عێراق بکەم، پەنا بەخوا چیمان پێ بکرێت بۆ وەرزشی کوردستان کەمتەرخەمی ناکەین».


KOREK Telecom





ئینتەرنێتی EXTRA G به ئارەزووی خۆت لەگەڵ 3 کەس بەش بکە





ئینتەرنێتی EXTRA G بەسەر خزم و دۆستانت بەش بکە لە هەر شوێنێکی عێراق بن بەشێوازێکی ئاسان و خێرا

- ئەم خزمەتگوزارییە بەردەستە بۆ سەرجەم بەشداربووانی ئێکسترا و ئێکسترا VIP و ئێکسترا پلەس.
- بۆ کاراکردن: سەردانی ماڵپەری "بژاردەکانم" بکە لەرێگەی ئەم لینکە selfcare.korektel.com هەروەها هەژمارێك بۆ خۆت دروست بکە بۆ مەبەستی بەشداریکردن لە ئینتەرنێت.
- دەتوانی ئینتەرنێت بەش بکەی بەسەر 3 ژمارە یاخود بە ئامێرێك کە پاڵپشتی سیمکارت بکات (Korek Modem, Korek Hotspot, Tablet, Mobile ,....) تەنانەت ئەگەر لە هەمان شوێنیش نەبن.
- ماوەی بەردەستبوون: هەمان ماوەی بەردەستبوونی ئەو پاکێجەی هەیە کە بەشداریت لێی کردووە.
- دەتوانی ژمارەکان زیاد بکەی و بیان سڕیتەوە هەروەها دەتوانی قەبارەی هەر بەکارهێنەرێك دیاری بکەی.

| پاکێجەکان | ئێکسترا | ئێکسترا VIP | ئێکسترا پلەس |
|---|---|---|---|
| قەبارە | 10 GB | 20 GB | 40 GB |
| کاراکردنی پاکێج (د.ع.) | 40,000 | 60,000 | 90,000 |
| ماوەی بەردەستبوون | 30 رۆژ | 30 رۆژ | 30 رۆژ |
| کاراکردنی بەشداربوونی داتاکان (د.ع.) | 7,000 | 6,000 | 5,000 |
| زیادکردنی بەشداربوو (د.ع.) | 5,000 | 4,000 | 3,000 |

411
korektel.com



یەکەمە

بەپێی ئامارەکانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپای ئەم وەرزە، نەیمار دا سیلڤای ئەستێرەی بەرازیلی یانەی بارسیلۆنای ئیسپانی تاوەکو ئێستا پلەی یەکەمی گرتووە لە ریزبەندی ئەو یاریزانانەی زۆرترین دەرفەتی گۆڵیان دروستکردووە. نەیمار 49 دەرفەتی گۆڵکردنی دروستکردووە. لەدوای ئەویش کۆکیی ئەستێرەی یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیسپانی بە پلەی دووەم دێت بە دروستکردنی 46 دەرفەتی گۆڵکردن. پلەی سێیەمیش بەر لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی یانەی بارسیلۆنای ئیسپانی دەکەوێت کە ئەویش 43 دەرفەتی گۆڵکردنی دروستکردووە.

## یارییەکانی گەڕانەوەی قۆناخی 8ی چامپیۆنسلیگ و یۆرۆپالیگ..

# کەس بێهیوا نەبووە تەنیا ریال سەرمەستی کلاسیکۆ بوو



«ئەتلەتیکۆ هەر یارییەک لە دەرەوەی یاریگەی خۆی 2 ـ 1 دۆڕابێ، سەرکەوتووە بۆ قۆناخی داهاتوو»

**شرۆڤە: سەفین تەها**

گەڕی چوونی قۆناخی هەشتی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا هیچ یانەیەکی بێهیوا نەکردو چانسی سەرکەوتنی هەر 8 یانەکە دەکرێ بڵێین وەک یەکە.

### ریال مەدرید ـ فۆڵفسبۆرگ

لە گەورەترین ئەنجامی چاوەڕواننەکراوی ئەم قۆناخەوە دەستپێدەکەین، ئێمە لە شیکردنەوەی ژمارەی رابردوودا ئاماژەمان بەوەکرد کە ئەم قۆناخە، قۆناخی شتە چاوەڕواننەکراوەکانە، ریال مەدرید دوو گۆڵی لێکرا و دۆڕا، دەتوانین بڵێین هۆکاری سەرەکی لە دۆڕانی زێدان و کوڕەکانی ئەوەبوو کە هێشتا ئەو تیپە مەست و سەرخۆشی بردنەوەی کلاسیکۆ بوون، مەدریدییەکان جگە لەوەی کە بەبچووکی لە بەرامبەرەکەیان روانی، هەر کە هاتنە نێو یاریگە وایان لە مێشکی خۆیان خوڵقاندبوو کە هێشتا یاری کلاسیکۆیە و دوو گۆڵیان هەیە، بەڵام بەپێچەوانەی هەموو ئەو قسانەی لەسەر ئەم یارییە کراوە، ئەم دۆڕانە ئەوەندەی زەرەرەکەی سوودی بۆ مەدرید هەبوو.. چۆن؟!.

دۆران بەرامبەر فۆڵفسبۆرگ وەک شەقەزلەیەک وابوو لە گوێی لۆس بلانکۆس درا، لەو سەرمەستییە خەبەریان کردنەوە و پێیانگوتن بردنەوەی کلاسیکۆ هەموو شتێک نییە و تەنیا پاڵنەرێکی بەرزکردنەوەی وره بوو بۆتان، راستە کلاسیکۆ تاقیکردنەوەی راستەقینە بوو بۆ زێدان، بەڵام ئەم یارییەی رابردوویان بەرامبەر فۆڵفی تاقیکردنەوەی بەکەلۆری بوو! لەم یارییەدا زێدان هەموو کلیلێکی بۆ گەیشتنە گۆڵی بەرامبەر ون کردبوو، یەکەمجاریشە 2 گۆڵی زیاتریان لێبکرێ و دەستنەکەنەوە، هەموو ئەمانە دەبێ ببێتە هەوێنی ئەو راپەڕینەی کە لەسەر سپی پۆشەکان پێویستە، هێشتا هیچ هاندەرێکی مەدرید دانی بەوەدا نەناوە کە یانەکەیان دەردەکرێ و سەرکەوتنیان بە ئەگەری یەکەم داناوە، بەڵام دەبێ ئەوەمان لە بیر نەچێ کە ئەمان نییە لەگەڵ ئەڵمان، لەگەڵ ئەوەشدا چەند ژمارەیەک هەن کە هاندارە شاهانەییەکان دەتۆقێنێ.

ـ لە دوایین 8 کرانە دەرەوەی ریال مەدریددا 6 جاریان لەلایەن ئەڵمانییەکانەوە بووە.

ـ دوایین 3 دۆڕانی مەدرید بە زیاتر لە گۆڵێک لەلایەن ئەڵمانەکانەوە بوونە.

ـ دوایین 3 دۆڕانی ریال بە زیاتر لە گۆڵێک لەلایەن یانە ئەڵمانییەکانەوە بوونە.

### مانچستەر سیتی ـ پاریس سانجێرمان

ئەم یارییە دەکرێ بڵێین بەهێزترین رووبەڕووبوونەوە بووە لەنێو یارییەکانی قۆناخی 8دا، چ لە رووی هێرش و مەترسییەکان یانیش تەکتیک و پلانی راهێنەرانەوە، ئەو مانچستەر سیتییەی لەم یارییەدا بیندرا لە مێژبوو بزر بووبوو، بەڵام شۆکهێنەرانە ئەنجامەکەیان راستکردەوە، بێگومان بۆ ئەوەش کۆمەڵێک هۆکار هەبوون.

یاری نەکردنی مارکۆ ڤێراتی لەم یارییەدا ناوەڕاستی پاریسی خستە ژێر پاڵەپەستۆ و هەستکردن بە بەرپرسیاریەتییەکی زۆرەوە، بەپێچەوانەوە بلەیس ماتویدی لەم یارییەدا خراپترین ئاستی هەبوو لەم وەرزەدا کە 21 تۆپ لەژێر قاچیدا بە هەدەردرا.

لەلایەکی دیکەوە دوو هەڵە لە هەڵبژاردنی یاریزانانی پێکهاتەکەی لەلایەن لۆران بلانی راهێنەرەوە بەدیکرا، یەکەمیان یاریپێکردنی سێرجی ئۆرێر کە 2 مانگە سزای داوە و ئاستێکی زۆر خراپی هەبوو، لەبەرامبەریشدا دەبوو یاری بە ڤاندێر ڤێل یانیش لۆکاس مۆرا بکات لەو جێگایەدا، بلان زوو درکی بەم هەڵەیە کردبوو و لە نیوەی دووەمدا دەریهێنا، بەڵام تازە کارەکە بە سەقەتی هاتبوو، هەڵەی دووەمیش لە یاریپێکردنی کاڤانیدا بوو بەشێوەی سەرەکی، ئەو یاریزانە لە دوو یاری رابردوودا بەرامبەر چێڵسی لەسەر کورسی یەدەگ بوو پاشان یاریکرد و جیاوازی دروستکرد، بەڵام لەم یارییەدا تەنیا جێگای پڕکردبووەوە.

دوو ژمارە و داتا هەن کە بە دڵی پاریسییەکان نین:

ـ پاریس هەموو جارێک کراوەتەوە دەرەوە ئەگەر یاری چوون لە یاریگەی خۆیدا 2 ـ 2 کۆتاییهاتبێت.

ـ لە کۆی 11 یانەدا کە لە دەرەوەی یاریگەی خۆیان 2 ـ 2 بەرامبەربووبن، 9 دانەیان سەرکەوتوون.

### ئەتلەتیکۆ مەدرید ـ بارسێلۆنا

بارسێلۆنا خەریک بوو لە هەموو شتێک بێئومێد ببێ و گڵۆڵەی بکەوێتە لێژی، ئەویش دوای تۆمارکردنی گۆڵی یەکەم لەلایەن فێرناندۆ تۆرێس و بە فیڕۆدانی هەلێکی زێڕینی گریزمان، لە هەمووشی جەرگبڕتر بۆ هەوادارانی کەتالۆنیا بزربوونی MSN بوو لە یاری کلاسیکۆ و نیوەی یەکەمی ئەم یارییەیان بەرامبەر ئەتلەتیکۆ.

کرانە دەرەوەی تۆرێس و کشانەوەیەکی گشتگیری مەدریدییەکان لە یارییەکەدا کەش و هەوای گۆڵتۆمارکردنی بۆ بارسا خوڵقاند و بارسا بردییەوەو بووە تاکە تیپ کە لەم وەرزەی چامپیۆنزدا نەدۆڕابێ، بەڵام هێشتا بردنەوە بە ئەنجامی 2 گۆڵ بەرامبەر بە گۆڵێک لە خزمەتی کەتەلۆنیادا نییە، چونکە ئەتلەتیکۆ هەر یارییەک لە دەرەوەی یاریگەی خۆی 2 ـ 1 دۆڕابێ، سەرکەوتووە بۆ قۆناخی داهاتوو.

گەیشتن بە گۆڵی ئەتلەتیکۆ لە هەموو بارودۆخێکدا سەختە، ئەی ئەگەر لە یاریگەی خۆیدابێت و هەرزوو گۆڵێک تۆماربکات، ئەوە رەنگە مەحاڵ دروستبکات و هەژانی تۆڕی ئۆبلاک ببێتە خەون، چونکە لەم وەرزەدا ئەتلەتیکۆ لە هەرسێ یارییەکەی بەرامبەر بارسا سەرەتا گۆڵی کردووەو دواتر دوو گۆڵی لێکراوە، بەڵام ئەمجارە شەڕی مان و نەمانە و دەبێ ئەوە بزاندرێ کە بەلای هیچ ئەتلەتیکۆییەکەوە گرنگ نییە دەردەکرێ یانیش رادەگیرێ گرنگ سەرکەوتنە.

### بەنفیکا ـ بایرن میونشن

وەرزی رابردوو هەر یانەیەک بەرامبەر بایرن میونشن یاریکردبێ، سەرەتا لە یاریگەی خۆیدا زۆر باش بووە و دواتر لە ئەڵمانیا داد و بێدادی بووە بەدەست ئێف سی هۆڵیودییەکانەوە، بەڵام ئەمجارە جیاوازە، نە میونشن توانی سوود لە یاریگەی خۆی وەربگرێ و کەرنەڤاڵی گۆڵ دروستبکات، نە بەنفیکاش ئەوەندە زوو دەستی بۆ بارودۆخەکە بەرزکردەوە، ئەمجارە یاریگەی رۆشنایی قسەیەکی دیکەی دەبێ، چونکە بەنفیکا هیچی نییە بیدۆڕێنێ و چاوی لە دووبارە کردنەوەی ئەو دەستکەوتەیە کە براکەی (پۆرتۆ) لەگەڵ مۆرینیۆدا بەدەستهێنا.

ـ بایرن میونشن 11 یارییە لە یاریگەی خۆی دەیباتەوە و 41 گۆڵی کردووە و 6 گۆڵی لێکراوە.

ـ یاری ژمارە 150 بوو بۆ گواردیۆلا وەک راهێنەر لەگەڵ بایرندا.

ـ یانە باڤارییەکە، لەگەڵ پیپدا 114 بردنەوە، 18 دۆڕان و 18 بەرامبەربوونی هەیە.

ـ گواردیۆلا پێنجەم راهێنەرە لە مێژوودا ژمارەی گۆڵەکانی لەگەڵ یانەیەکدا بگەیەنێتە 200 گۆڵ لە دوای فێرگسۆن 326 گۆڵ، ڤینگەر 270 گۆڵ، ئەنچێلۆتی 241 گۆڵ و مۆرینیۆ 234 گۆڵ.



# «ئەوەی لە شەڕی ئانفیێڵد براوەبێ نازناوەکە لە باوەشیدایە»

## یارییەکانی چوونی قۆناخی 8ی یۆرۆپالیگ کۆتاییهاتن و بەهێزی و لاوازی هەندێک تیپ تەواو دەرکەوت و هەندێکی دیکەش ئاهەنگی سەرکەوتنی بەرامبەرەکانیان لە دواساتدا دواخست.

### لیڤەرپوول ـ دۆرتمۆند

لە یاری ئاگرین و لوتکەی ئەم قۆناخەوە دەستپێدەکەین، بێگومان رووبەڕووبوونەوەی بورۆسیا دۆرتمۆندو لیڤەرپوول کە یارییەکە بە گۆڵێک بۆ هەر لایەکیان کۆتاییهات، خوێندنەوە ژیارانەکەی یۆرگن کلۆپ بۆ تیپی بەرامبەر باڵی بەسەر 90 خولەکی یارییەکەدا کێشابوو، بەجۆرێک وای لە تۆخێل و یاریزانەکانی کردبوو کە شێوابوون و نەیاندەزانی بە چ ئامراز دەگەنە گۆڵی مینیۆلێی گۆڵپارێزی لیڤەر.

بۆ هەموو ئەوانەش چەند هۆکارێکی گرنگ هەبوون، یەکەمیان لە بەرگرییەوە دەستپێدەکەین، هەموو تیپ و راهێنەرێک ئەوەیان لەلا روونە کە دۆرتمۆند خاوەنی دووانەی خێرای وەک ئۆبامیناگ و رۆیسن، بۆ راگرتنی ئەمانە دەبێ چیبکرێ؟ بێگومان کلۆپ زۆر ئاقڵانە کاری بۆ ئەوە کردبوو ئەویش بە هێنانە دواوەی سەرجەم یاریزانەکانی هێڵی بەرگری، کە ئەمە روویدا ئیدی رووبەرێک بۆ راکردنی ئەو دوو یاریزانە نامێنێتەوە، جگە لەوەش کلۆپ بە 5 ناوەڕاستکار یاریدەکردو ئەمەکەی زیاتر لەسەر تۆخێل ئەستەم کردبوو.

خاڵێکی دیکەش کە زیاتر منی سەرسامکردبوو، بینینی شێوازێکی نوێ و مۆدێرن بوو لە هێرشبردنی لیڤەرپوول کە پاسات و یەک و دوو بوو ئەمەش زۆر چێژی بە یارییەکە بەخشیبوو، ماوەی چەند ساڵێکیشە تەکتیکی لەو شێوەیە لە کوڕانی قەڵای ئانفیێڵد بەدی نەکرابوو، دەتوانین بڵێین ئەگەر ڤاندێرڤیلەری گۆڵپارێزی دۆرتمۆند نەبوایە ئەوا زیاتر لە 3 گۆڵ تۆمارکرابوو.

ئەوەی گرنگە بۆ یاری داهاتوو کێ براوەدەبێ، ئەوە ئاشکرایە کە لەسەر کاغەز لیڤەر نزیکە لە پەڕینەوە، بەڵام ئەی ئەگەر تۆخێل یاری بە پلان B کرد؟ واتا رامۆس لە پێشەوەو ئۆبامیانگ و رۆیس لە باڵەکان، ئەوکات بەرگری و ناوەڕاستی لیڤەرپوول لە حاڵەتی ئامادەباشیدایەو هەر هەڵەیەکیش باجەکەی دەبێ بدرێ، لەلایەکی دیکەشەوە لیڤەر کاپتن و سەرتیپەکەی کە جۆردان هێندێرسۆنە بەهۆی پێکانەوە لە دەستداوەو یاریناکات، ئەمەش خۆی لە خۆیدا گورزێکی کوشندەیە بەر کلۆپ کەوتووە کە دەبێ یاری بە جۆ ئالێن بکات کە ئەمیش لەچاو یاریزانانی دۆرتمۆند زۆر خاوترەو کێشە لە نێوەڕاستی یاریگەدا دروستدەکات. قسەیەکیش بۆ ئەم یارییە هەیە، دەڵێت «ئەوەی لەم یارییە براوە بێ پاڵەوانیەتییەکەی لە باوەشدایە».

### سڤیلیا ـ بیلباو

لە یارییەکی دیکەدا یانەی سڤیلیا نیوەی رێگای بۆ پارێزگاریکردن لە نازناوەکەی بڕی، دوای ئەوەی لە سان مامێس شکستی بە ئەتلەتیک بیلباو هێنا، بردنەوەکەی سڤیلیا وای لە ڤالڤێردی راهێنەری باسکییەکان کرد دوای یارییەکە بڵێت «دەرچەی گەیشتنی تیپەکەم بە قۆناخی داهاتوو زۆر تەسک بووەتەوە».

سڤیلیا ئەمە یەکەم بردنەوەی بوو لەم وەرزەدا لە دەرەوەی یاریگەی خۆیدا لە هەموو پاڵەوانیەتییەکاندا، شتێکی ئاسایی بێت بەلاتانەوە ئەم یانەیە تایبەت بۆ بردنەوەی یۆرۆپالیگ درووستکراوە».

یاری گەڕانەوە هەرچۆنێک بێ زۆر سەختە بۆ باسکییەکان و خاکی ئەندەلوس لەم وەرزەدا بەرەوبوومی زۆر بووە بۆ سڤیلیاو هاوڕێکانی کۆنۆپلیاناکا.

### پراگ ـ ڤیاڕیال

یارییەکی دیکە کە هەر لە خاکی ئیسپانیا بەڕێوەچوو، ڤیاڕیال بە دووگۆڵ بەرامبەر بە گۆڵێک بردنەوەی بەسەر سپارتا براگی چیکیدا بەدەستهێنا، هەرچەندە لە خولەکی کۆتاییدا یانە چیکییەکە ئاهەنگی گەیشتنی ژێردەرییەکانی دواخست، بەڵام بیرمان نەچێ ئەو تیپە چیکییە تایبەتمەندە بە یاری گەڕانەوەو وەک چۆن لازیۆی بێ رەحمانە کردە دەرەوە، دوورنییە قوربانییەکی دیکەش بخاتەوە.

### شاختار ـ سپۆرتینگ براگا

شاختاری ئۆکرانی کە هەمیشە ئەو یانەیە بووە کە لە کوردەواریدا پێیدەڵێن «لە ژێرەوەیەو وەک ماری سرە»، ئەو تیپە ئەمساڵ سڕ نییەو ئەنجامە بەشەکانی گەواهی بۆ ئەوە دەدەن، ئەوان لە دەرەوەی یاریگەی خۆیان بەهەمان ئەنجامی ڤیاڕیال لە سپۆرتینگ براگایان بردەوە، بەهەمان کلاکێتی یارییەکەی ڤیاڕیال لە دوا ساتەکاندا ئەنجامەکەیان لێ کورتکرایەوە، هەمووان کۆکن لەسەر گەیشتنی یانە ئۆکرانییەکە بەپێش کۆتایی، مەسەلەکە تەنیا پەیوەندی بە کاتەوە هەیە.

سەرسوڕهێنەرە

جۆ هارتی گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی ئینگلتەراو یانەی مانچستەر سیتی ئینگلیزی، لەم وەرزەدا بووەتە جێگەی سەرسوڕمانی هەموو لایـەک، چونکـە توانیویەتی لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکـەی و یانەکەی 6 پەناڵتی بگەڕێنێتەوە. کە دواییینیان ئەو پەناڵتییە بوو، کە هەفتەی رابردوو لەلایەن زڵاتان ئیبراهیمۆڤیچی ئەستێرەی یانەی پاریس سانجێرمانەوە لە یاری چوونی قۆناخی 8ی چامپیۆنسلیگەوە بۆی لێدراو گەڕاندییەوە. جۆ هارت شـایەنی ئەوەیە بە گۆڵپارێزی سەرسـوڕهێنەر ناوببرێت، بەو پێیەی لە دواییین 11 لێدانی سـزا 6ی گەڕاندووەتەوەو لە دواییین 4 لێدانی سزاشدا 3ی گەڕاندووەتەوە.

ئایا لیۆ ناوی لەنێو بەڵگەنامەکانی پەنەمادا هەیە؟!..

# هەموو شتێک لەبارەی سکاندالە تازەکەی مێسی



ئا: رەمزی میرەکانی

ئابڕووچوونێکی تازە هەموو جیهانی گرتووەتەوە، دوای ئاشـکرابوونی ملیۆنەها بەڵگەنامەی نهێنی، کـە تێوەگلانـی گەورەپیاوانـی کار و پـارە لـە سیاستڤان، وەرزشوان، رۆشنبیران و کەسانی دیکە دەسـەلمێنێت. لە کێشەی تایبەت بە خۆدزینە لە دانـی باج لـە رێگەی بەکارهێنانـی کۆمپانیاکانی OFFSHORE، بـەوەی چـەند کۆمپانیایـەک لـە وڵاتێکـی دیاریکـراو دادەمەزرێندرێـن و بـۆ رێگەپێـدان بۆ چالاکییەکانیان لـە وڵاتێکی دیکە بەکاردەهێندرێـن، ئەوەش بـۆ خۆدزینەوە لە دانی باجی زۆر.

ئەو بەڵگەنامانە چەندین راسـتی نێوان ساڵانی 1977 و 2015 ئاشـکرا دەکەن، کە لە رۆژەڤەکانی دەزگای (موسـاک فۆنیسـکا) دزەیان پێکراوە، کە یارمەتـی جێگیرکردنـی کۆمپانیاکانی (ئۆف شـور) لـە پەنەمـا دەدات. لە دیارترین تۆمەتبـاران لە جیهانی وەرزش، لیۆنێل مێسی ئەستێرەی بارسێلۆناو باوکیەتی، کـە لەگەڵ لاپەڕەیەکی تازە لە ئابڕووچوونەکان دەژێیت، ئەوەی بـە PANAMA PAPERS یان «پەڕاوەکانی پەنەما» ناسراوە.

## کۆمپانیایەکی بانکی بۆ خۆدزینەوە لە باج

بەڵگەنامـە نهێنییەکان ئاماژە بـەوە دەکەن، لیۆنێل مێسی وەک خاوەن پارەکانی دیکە پەنای بۆ کۆمپانیاکانی (ئـۆف شـور) بردووە، بـۆ ئەوەی خۆی لـە دانی باجی زۆر بدزێتەوە، کە لە ئیسـپانیا بەسـەریدا سـەپێندراوە، ئەوەش تۆمەتەکانی پێشتر دووپاتدەکاتەوە، کە لەلایەن رۆژنامـەو کەناڵەکانی مەدرید پێـی تۆمەتبار کرابوو، کە رۆژنامەکانی کەتالۆنیا بۆ داکۆکیکردن لە ئەسـتێرەکەی بارسا هەوڵیاندا داپیۆشن، هەواڵەکان ئاماژە بەوە دەکەن «مێسـی کۆمپانیایەکی بانکی بەنـاوی MEGA STAR ENTERPRISESدامەزرانـدووە، کەسـەر بە یاسـاکانی ئۆرۆگوایەو مەبەست لێی خۆدزینەوەیە لەو باجانەی، کە خۆی لە 4.1 ملیۆن یۆرۆ دەدات. بۆ زانین لیۆ پێشتریش بـڕی 4.2 ملیـۆن یـۆرۆی وەک بـاج داوەتـە حکومەتی ئیسپانیا.

## خێزانی مێسی سکاڵا تۆماردەکات

پێدەچێت هاتنی ناوی مێسی وەک دیارترین تۆمەتباری وەرزشوان لە بەڵگەنامەکانی ئەم دواییەی پەنەما، ئەمجارە خێزانەکەی هەژاندبێت، دوای ئەوەی چەندینجار بێدەنگی هەڵبـژارد. رۆژنامەکانـی کەتالۆنیـا باس لـەوە دەکەن مێسـی و خێزانەکەی سـکاڵا لـەدژی رۆژنامەی ئیل کۆنفیدۆنیسـال و کەناڵـی لاسیکستا تۆماردەکەن، کە هەردووکیان لە مەدرید چالاکن و بەوە ناسراون لایەنگری یانەی ریال مەدریدن، ئەمەوە ئیل کۆنفیدۆنیسال دیارترین رۆژنامە بوو، کە بۆ ئاشکراکردنی بەڵگەنامەکانی تایبەت بە مێسـی هـاوکاری کردبوو. بۆ زانیـن 106 دەزگای راگەیاندن لە 76 وڵات، بەشـدارییان لە بڵاوکردنەوەی نزیکەی 11 ملیۆن بەڵگەنامەی نهێنی و تەقاندنەوەی ئەو ئابڕووچوونە قورسەدا کردووە.

## پلاتینیش تۆمەتبارە

رۆژنامەکانی فەرەنسا بایەخی زۆریان بەوبەڵگەنامانە داوە، لەبەرئـەوەی چەندین کەسـایەتی ئـەو وڵاتە لە «ئۆف شـور» تێوەگلاون، لەسەرووی هەمووشیانەوە میشال پلاتینی ئەستێرەی کەڵەشێرەکان لە هەشتاکان و سـەرۆکی پێشـووی یەکێتـی تۆپی پێـی ئەوروپا. هەواڵـەکان دووپاتیدەکەنـەوە پلاتینی سـاڵی 2007 پەنـای بۆ خزمەتەکانـی نووسـینگەیەکی پارێزەریی بردووە، لەو سـاڵەی کە بووە سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێـی ئەوروپا و دامەزرێنـەری کۆمپانیایەک لە (ئۆف شور) لە پەنەما و خۆدزینەوە لە دانی باج، پلاتینی لە رێگەی پارێزەرێکی داکۆکی لەخۆی کرد، کە بۆ ئاژانسی هەواڵەکانی ئەڵمانیا قسەی کردو گوتی «هەموو هەژمار و سامانەکەی بۆ دەستەکانی کارگێڕی باج لە سویسرا ئاشـکرایە»، هەروەها رۆژنامەی زۆدتشە زیتونگی ئەڵمانیش دووپاتیکردەوە «پلاتینی لەو ساڵەوە بەشێوەیەکی ئاسایی باجەکانی خۆی لە سویسرا دەدات».

## «20 یاریزانی بارسا و ریال و مانچستەر یونایتد وەک مێسی تۆمەتبارن»

## 20 یاریزانـی بارسـا، ریـال و یونایتد تۆمەتبارن

بە گوێـرەی هەمان سـەرچاوەی رۆژنامەوانی، ئەو بەڵگەنامانـە ئابـڕووی نزیکـەی 20 یاریـزان دەبات، کە ئێسـتا لـە ریزی یانە گەورەکان یـاری دەکەن، لە سەرووی هەمووشیانەوە بارسێلۆنا، مانچستەر یونایتد و ریـال مەدرید. بێجگە لە لیۆنێل مێسـی تۆمەتباری سـەرەکی نێو وەرزشـوانان، جیهانی وەرزشـیی ناوی تێوەگلاوان لە دروسـتکرنی کۆمپانیا لە (ئۆف شور) لـە پەنەما و جێگەی دیکـەش، بۆ خۆدزینەوە لەدانی باج ئاشکرا دەکات، کە بەدڵنیاییەوە نەیمار دا سیلڤای بەرازیلی لە سەرووی لیستەکە دەبێت، چونکە پێشتر بە خۆدزینەوە لە دانی باج لە ئیسپانیا تۆمەتبار کراوە. ئەگەرچـی ئەم کارە لە بارسـێلۆنا و هەتا سـەبارەت بە ریال مەدریدیش ئاسـاییە، چونکە پێشتر چەندین یاریزانیان تۆمەتبار کراون، بەڵام لەنێو ماڵی مانچستەر یونایتد شـتێکی تازەیە، چونکە ماوەیەکی درێژە هیچ کێشەیەکی کارگێڕییان نەبووە.



لە چامپیۆنسلیگدا..

# بارسا سوودمەندی یەکەمی کارتی سوورە

مەدریدییەکان جارێکی دیکە پەنجەی تۆمەت بۆ ناوبژیوانان درێژ دەکەن..

# فلیپی لویس: ناوبژیوان باشترین یاریزانی بارسایە

رووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS

یاریزانانی ئەتلەتیکۆ مەدرید و ریال مەدرید، کـە زۆر بە دەگمەن لە پرسـێکدا هـاوڕا دەبن، ئەمجارەیـان پێکـەوە هێرشـیان کـردە سـەر یانەی بارسـێلۆناو ناوبژیوانان، دوای بردنەوەی بارسـا لە ئەتلەتیکۆ بـە 2 ـ 1 لە قۆناخی 8ی چامپیۆنسلیگدا، پاش ئەوەی ناوبژیوانی یارییەکە فێرناندۆ تۆرێسی تۆمارکەری تاکە گۆڵی رۆخی بلانکۆسی بەکارتی سوور دەرکرد.

گووتی، ئەسـتێرەی پێشـووی ریال مەدرید تویتێکـی لـە تویتـەر بڵاوکـردەوەو تێیـدا نووسـیبووی «بۆنێکـی ناخۆش دەکـەم کە لە یاریگەی کامپ نـو دەردەچێت»، کە ئاماژەبوو بۆ دەرکردنی تۆرێس و چاو داگرتن لە دەرکردنی لویس سوارێز، کە بەبێ تۆپ هێرشی کردە سەر خوان فران.

فیلیپی لویس، یاریزانی ئەتلەتیکۆ مەدریدیش گوتی «لەوانەیە دەرکردنی تۆرێس راست بێت، بـەڵام کـەی یاریزانانی بارسـێلۆنا دەردەکرێن؟ یاریزانانی بارسا لەوە زیاتر چی بکەن بۆ ئەوەی شایستەی کارتی سـوور بن؟». هەروەها گوتی «کاتێک بەرامبەر بارسێلۆنا یاری دەکەی بەرامبەر هێزێکـی گەورەتـر یـاری دەکـەی، ناوبژیوانان پاڵپشـتی باراس دەکەن و بڕیاری دادپەروەرانە نادەن»، لویس لەسەر هێرشکردنەکەی بەردەوام بـوو و گوتـی «یەکێتـی ئەوروپـا بارسـێلۆنا دەپارێزێـت، ئەندامانـی لـە بەرامبەر بارسـادا لاوازن و دەلەرزن. بەڕاسـتی بەهێزترین یاریزانی بارسا ناوبژیوانە نەک مێسی». هەرچی فێرناندۆ تۆرێسیشـە گوتی «بەداخەوە یەکێتی ئەوروپا لەجیاتی دانانی ناوبژیوانی باش بۆ بەڕێوەبردنی یارییە گەورەکان، بایەخی زیاتر بە رەنگی درێسی یانەکان دەدات».

گابـی کاپتنـی ئەتلەتیکـۆ مەدریدیـش هێرشـێکی توندی کردە ناوبژیوانـی یارییەکەو گوتـی «لەبەرچی سـوارێز دەرنەکرا هەرچەندە دەستدرێژی کردە سەر فیلیپی لویس؟ هەروەها دەسـتدرێژی کردە سـەر خـوان فرانیش، بەڵام ناوبژیوان هیچ بڕیارێکی لەدژی نەدا». ئێنریکی سـیریزۆی سـەرۆکی ئەتلەتیکـۆ مەدریدیـش راشـکاوانە گوتی «بۆنی پیلانێک دەکەم، کارل هاینـز رۆمەنیگـەی سـەرۆکی بایرن میونشـن راشـکاوانە پێیگوتـم نازنـاوی چامپیۆنسـلیگ پێویستە لەنێو 4 گەورە یانەکەدا بێت».

## «بایرن سوودی لە 20 کارتی سوور و ریالیش لە 16 کارتی سوور وەرگرتووە»

رووداوی وەرزشـی ـ LALIGA4EVER

یانـەی بارسـێلۆنای ئیسـپانی لە وەتـەی سـاڵی 1994ەوە، لـە خولی یانـە پاڵەوانەکانـی ئەوروپادا زۆرترین سوودی لە کارتی سـووری ناوبژیوانان وەرگرتـووە، واتـە ناوبژیوانـان لـەو پاڵەوانیەتییـەدا زۆرتریـن یاریزانیـان لەدژی بارسا بە کارتی سوور دەرکردووە.

بارسـێلۆنا سـوودی لـە دەرکردنـی 30 یاریزانـی تیپەکانـی رکابـەری لـە یارییەکانی چامپیۆنسلیگ وەرگرتووە، بەمـەش بـووە یەکەم یانە کـە زۆرترین سوودی لە کارتی سـوور وەرگرتبێت لە مێژووی ئـەو خولەدا. دەرکردنی فرناندۆ تۆرێسی هێرشـبەری ئەتلەتیکۆ مەدرید دوای ئەوەی گۆڵی پێشکەوتنی تیپەکەی لـە کامپ نو تۆمار کرد، لە یاری چوونی قۆناخی چارەکی کۆتایی، وای لە بارسـا کرد بتوانێت ئەنجامەکە بگۆڕێت و بە 2 ـ 1 گۆڵی لویس سوارێز یارییەکە بباتەوە. لەوەتەی ساڵی 1994 تاوەکو ئێستا 30 یاریزانـی تیپـی رکابەری بارسـێلۆنا لە چامپیۆنسـلیگ دەرکـراون. یانەی بایرن میونشـن لە پلەی دووەم دێت و سوودی لە دەرکردنی 20 یاریزان لە رکابەرەکانی وەرگرتووە، لـەدوای ئەوان ریال مەدرید و ئایندهۆڤن دێن بە 16 کارتی سوور.

لـە 106 یارییـدا هیـچ یاریزانێکـی بارسـا لـە کامـپ نـو لـە یارییەکانـی چامپیۆنسـلیگدا دەرنەکـراوە، لەوەتەی سـێرجی بارخـوان لـە سـاڵی 1997 بەرامبەر یانـەی دینامۆ کییڤی ئۆکرانی بە کارتی سوور دەکراوە.

تەنانەت لەم وەرزەدا لە لالیگاشـدا 7 یاریـزان بەرامبەر بارسـێلۆنای یەکەمی خولەکـە دەرکراون، لەوانە 5 یاریزان بە کارتی سووری راستەوخۆ دەرکراون.



رووداو وەرزشی
ژماره (395) سێشەممە 2016/4/12



## شەرمنە

وادیارە گاریس بەیڵی ئەستێرەی وێڵزی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی زۆر بەباشی لەگەڵ ژیانی ئیسپانیا راهاتووە، بەتایبەتیش کە خۆی فێری زمانی ئیسپانی کردووە و ئێستا لە مەشقەکاندا و لە کاتی یاریکردن، بەو زمانە لەگەڵ هاورێ ئیسپانییەکانی لە ریال مەدرید قسە دەکات، بەڵام تاکە کێشەی ئەوەیە کە شەرمنە. لەو بارەوە بەیڵ دەڵێت «من فێری زمانی ئیسپانی بوومە، بەڵام هێشتا هەندێجار هەڵە دەکەم، بۆیە شەرم دەکەم بۆ رۆژنامەنووسان و بۆ تەلەڤزیۆنەکان بە ئیسپانی قسە بکەم».



ڕێبوار محەممەد

## بارسا داتەپیوە یان..؟

ئەوە پرسیارێکی رەوایە، بارسا داتەپیوە یان ئەوەی بەسەر ئەو یانەیەدا دێت تەنیا کەوتنێکی کاتییە؟

لە چاو تروکانێکدا شتەکان پێچەوانە بوونەوە، 12 خاڵ بوونە 3 خاڵ و ئیدی هەمووان گوێبیستی زەنگی مەترسییەکە دەبەنەوە.

هەرچەندە لە نێوان یەکسانبوون بەرامبەر ڤیاریال، دۆرانی کلاسیکۆ و دۆڕان بەرامبەر ریال سۆسیداددا، بارسا یارییەکی چامپیۆنزلیگی لە ئاتلێتیکۆ مەدرید بردەوە، بەڵام ئەوە تەمی مەترسییە گەورەکەی لەسەر ئەو یانەیە نەڕەواندووەتەوە.

هۆکار چییە و ئەوەی روودەدات چۆن لێکدەدرێتەوە؟

گەڕان بە دوای وەڵامی دروست بۆ ئەو پرسیارانە زەحمەتە، هەروەها قورسیشە. بۆ هەر یارییەک لەو یارییانەی بارسا خاڵەکانی تێدا لەدەستدان، هۆکارێک و بیانوویەک هەبوو، لە پاڵیشیدا بیانووە گەورەکە.

لە یەکسانبوون بەرامبەر ڤیاریالدا کە سەرەتای دەرکەوتنی کێشەکەی بارسا بوو، بێباکی بوو لە ئەنجامی یارییەکە، یاریزانانی بارسا پاش تۆمارکردنی دوو گۆڵ لە گێمی یەکەمدا بەچاوی تەواو بووەوە سەیری یارییەکەیان کرد، بەڵام کاتێکیان زانی خەریکە بەیەکجاری یارییەکەیان لەدەست دەردەچێت و نێزیکن لە دۆڕان.

ئەوە دەردێکی کوشندەیە بەرۆکی بارسا دەگرێت، لە کلاسیکۆدا هەمان خاڵ دووبارە بووەوە، پیکێ گۆڵێکی کرد و ئیدی وازانرا کلاسیکۆ لە دەستی ریال دەرچوو، بەڵام بێنزیما و کریستیانۆ دۆخەکەیان پێچەوانە کردەوە، لەویشدا ئەوەی بووە هۆکاری شکستەکە لای یاریزانانی بارسا، بە پلەی یەکەم بیرکردنەوە بوو لە کۆتاهاتنی ئەنجامەکە، بە تایبەت کە ریال مەدرید ئەمساڵ هەردەم بە زەحمەت و دەردەسەرییەکی زۆرەوە لە دوای دواکەوتنی لە یارییەکان دەگەڕێتەوە.

لە ریال سۆسیدادیش هەمان شت روویدا، دەبێ ئەوەش بڵێین مێژووی نێزیکی رابردووی یانە کەتەلۆنییەکە لەو یاریگەیەدا، پەرژینێکی دەروونی لەبەردەم یاریزانانی بارسادا دروستکردبوو.

### کێشەکە لە کوێوە سەریهەڵدا؟

کێشەکە لەوەوە سەریهەڵدا کە ئینریکێ گوتی تەنیا بارسێلۆنا دەتوانێ لە بارسێلۆنا بباتەوە، ئەگەرچی راهێنەری دیکەش هەبووبن بەم جۆرە لە خۆرازیبوونەوە ئەو جۆرە لێدوانانەیان دابێت، بەڵام ئەوە راهێنەرێک دەیڵێت کە کاری زۆر لەسەر لایەنی دەروونی یاریزانەکانی بکات، هاوشێوەی مۆرینیۆ و کۆنتی کە یاریزانەکانیان وا تێدەگەیەنن هەموو دونیا دژی ئەوان لە پیلانگێڕاندان و نابێ بە ئاسانی لە هیچ شتێک بڕوانن، بەڵام ئینریکێ کە ئەوەی نییە، کە دەروونناسێکی شارەزا نییە بۆ یاریزانەکان و ناتوانێ لە رووی دەروونییەوە باش ئامادەیان بکات، بێگومان بەو لێدوانە یاریزانەکانی دەباتە سەر بورجی عاج و لەوێشەوە بە ئاسانی بە دەستی تیپەکانی دیکە دێنەوە سەر زەوی.

لەم قۆناخە هەستیارەی خولەکاندا، بەبڕوای من ئەوەی کێشەی بۆ بارسا دروستکردووە ئامادەنەبوونیەتی لە رووی ئاوەز و جەستەوە، بەو مانایەی یاریزانانی ئەو یانەیە لە رووی مێشک و دەروون و جەستەوە ئامادەنین، ئەوان ماندوون بەدەست یارییە یەک لە دوای یەکەکانەوە، هەموو بەرامبەرەکانیشیان بردنەوە لەوان بە دەستکەوتی گەورە دەزانن، یاریزانەکانیش کە لە رووی جەستەوە ماندووبوون، ئەوکات وردبوونەوە لە یارییەکان و لە شێوازی یاریکردن لەدەستدەدەن و خۆیان بێدەسەڵات دەبیننەوە، دەکرێ تیپێک لە رووی جەستەشەوە نائامادەبێت، بەڵام لە رووی هزرەوە ئامادەبێت و بگاتە بردنەوە، ئەوەیان پێویستی بە راهێنەرێکی کارامە هەیە، راهێنەرێک پزیشکی دەروونی بێت بەر لە راهێنەر، جا نازانم ئینریکێ ئەو توانایەی تێدایە یان نا؟.



فیرناندا کۆلۆمبۆ..

# ئەو خانمە ناوبژیوانەی هەمووان لێی دەترسن

**رووداوی وەرزشی ـ SAMBA**

کچە ناوبژیوانێک، کە وەک یاریدەدەری ناوبژیوان یارییەکانی خولی تۆپی پێی بەرازیل بەڕێوەدەبات، بە کەسایەتی بەهێزی خۆی هەموو یاریزان و راهێنەرانی خولی بەرازیلی ترساندووە.

جوانترین خانمە یاریدەدەری ناوبژیوان لە جیهاندا، فیرناندا کۆلۆمبۆیە، کە بەهۆی ئاستی باشی لە خولی بەرازیل سەرنجی هەمووانی بەلای خۆیدا راکێشاوە، نەخاسمە رۆژنامەی THE SUNی ئینگلیزی، کە راپۆرتێکی درێژی لەسەر کەسایەتی، ئاستی، جوانی و توندیشی ئامادە کردووە.

ئەو رۆژنامە ئینگلیزییە لە راپۆرتەکەیدا دووپاتی دەکاتەوە « فیرناندا لەبەر بەهێزی کەسایەتی و بوێرییەکەی یاریزانان و راهێنەران لێی دەترسن». هەروەها دەشڵێت «فیرناندا کۆلۆمبۆ لەو یارییانەی ناوبژیوانی دەکات بەردەوام سەرنجەکان بەلای خۆیدا رادەکێشێت، چونکە لەبەر جوانی و چوست و چالاکییەکەی کەشێکی خۆش بە یاریگە دەبەخشێت، بۆیە جەماوەر لە خولی بەرازیل بە پەرۆشەوە بەدواداچوونی بۆ دەکەن».

فیرناندا کۆلۆمبۆ، بەسەرهاتێکی خۆشی لەگەڵ یاریزانە سیحربازەکەی بەرازیل، رۆناڵدینهۆ هەیە، کە لە یارییەکدا کە رۆناڵدینهۆ تێیدا بەشداربوو ئەو ناوبژیوان بوو، رۆناڵدینهۆ بەهۆی جوانییەکەی فیرناندا تۆشی شۆک ببوو.

پێشبڕکێ



به کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:

**0750 833 3555**



براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو

**سامی ئەحمەد لە بەستۆرە**

به لێدوانی:

**( ئەرداتان دەرکرد، تا خۆتان دەرخەن )**

## 3 LOTTO — چل و هەشتەمین پێشبڕکێ

رووداو وەرزشی
ژماره (395) سێشەممە 2016/4/12

شەش کۆبۆنی یەک بەدوای یەک، واتا هی شەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (رووداوی وەرزشی)ت لێکڕیوە، بەو جۆرە لەتیروپشکی بردنەوەی لۆتۆی رووداوی وەرزشی بەشداربە.

خەڵاتەکان

1 ـ ئامێری رۆیشتنی کارەبایی
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD
3 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ
4 ـ کۆمپیوتەری دیسکتۆپ
5 ـ ئامێرەکی تەلەفونی مۆبایل

ناو : ....................

مۆبایل : ....................

(رووداوی وەرزشی) بخوێنەوەو خەڵات ببەرەوە




RÛDAW
(رووداوی وەرزشی) رۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو رۆژانی سێشەممە دەریدەکات
لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە
www.rudaw.net
سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
e-mail:ihsan@rudaw.net - 0750 454 71 68
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی
دیزاینەران: هونەر مەرجان ـ شاهۆ محەممەد

هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە
رووداو هەمووومان گەنجتر دەکاتەوە